ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو و سەرکى ئەنجومەنى باڵاى دادوەرى عێراق کۆبوونەوە



لە درێژەى دیدار و سەردانکانیدا لە شارى بەغدا، پێش نیوەڕۆى ئەمڕۆ پێنج شەممە بەروارى 7/12/2023 سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین ئەمیندارى گشتى یەکگرتووى ئیسلامى کوردستان بۆ بەیاوەرى شاندکى باڵا سەردانى دادوەر فایق زێیدان سەرکى ئەنجومەنى باڵاى دادوەرى عێراقى کرد.

بەگوێرەى راگەیەندراوى نوسینگەى ئەمیندارى یەکگرتوو لەو دیدارەکەدا بارودۆخى سیاسى عێراق و ناوچەکە تاوتوێکرا و گفتوگۆیان لەسەر دواین پێشهات و رووداوەکان کرد.

ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو گرنگى ڕەى ئەنجومەنى دادوەرى لە ساغکردنەوەى گرفتەکان و چارەسەرى کێشەکان بۆ ئاراستەى بەڕێوەبردنى دابینکردنى مافەکانى هاوڵاتیان بەرزنرخاند، هەروەها جەختیکردەوە لەسەر سەروەرى یاسا و سەربەخۆى دادگاکان و ڕاچاوکردنى مافە دەستوریەکانى هەرەمى کوردستان .

لەبەرانبەردا سەرکى ئەنجومەنى دادوەرى خۆشحاڵى خۆى بەم دیدارە دەربڕى و دڵنیایى دا کە بەیەك چاو سەیرى هەمووان دەکەین و بۆ پێى یاسا بەیارەکان دەردەچن ..